# پوختەیەك لە

# لەدایكبوون و ژیانی

# پێغەمبەر ﷺ

## لەگەڵ ناوی

## (هاوسەر و منداڵەكانی و جەنگەكانی)

نووسینی

آزاد فائق پێنجوێنی

چاپی یەكەم

١٤٣٨ك

ناوی كتێب: پوختەیەك لە لەدایكبوون و ژیانی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ ناوی: (هاوسەر و منالەكانی و جەنگەكانی).

نووسینی: آزاد فائق الكردی

ژمارەی لاپەڕە: ٥٧.

نۆرەی چاپ: یەكەم.

ساڵی چاپ: ١٤٣٨ك – ٢٠١٧ز.

چاپ خانەی: زانا.

# پێشەكی

بسم الله الرحمن الرحیم

إنَّ الحمد لله، نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلله فلا هادي له، أشهد أنْ لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أَنَّ محمداً عبدُه ورسولُه.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴾.

[آل عمران: ١٠٢ ].

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴾.

[النساء: ١].

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴾.

الأحزاب:[٧٠-٧١].

أما بعد: فإن أصدق الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمدﷺ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة[1]، وكل ضلالة في النار.

**پاشان:**

**سوپاس بۆ خوای گەورە کە ڕێزو شکۆی پێبەخشین و بردینیە ڕیزی ئەوانەی شەرەفی نوسینی ژیانی پێغەمبەرە شکۆدار و خۆشەویستەکەی محمد ﷺی پێبەخشیوین بۆ ئەوەی خۆیان و کەسانی تر بەهرەمەندترین لەنزیك باسی ئەو پێغەمبەرە بەڕێزو سەروەرە.**

**خوێنەری بەڕێز ئەم نوسراوی ژیاننامەیە بەپوختەیی کۆکراوەیە لەچەندەها کتێب، کە وەکو کورتە فیلمێك کە لەپێش چاوماندا نمایش بکرێت وە تۆش چێژی لێوەربگریت، وە ئەم کتێبە پوختەکراوێکە لە ژیانی پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ بەکورتی، وە ئەگینا ئەم بابەتە خۆی زۆر دورو درێژەو بەچەندەها بەش لەم کتێبە زیاترە، کە من لێرەدا بەکورتی باسی (ناوو ڕەچەڵەکی پێغەمبەر ﷺ هەروەها ناوی هاوسەرە بەڕێزەکانی و منداڵە ئازیزەکانی وە باسی جەنگەکان) بەکورتی و پوختیم باس کردوە، وە داواکارم لەخوای باڵادەست و بەتوانا ئەو ماندوبونەی لەسەر نوسیی ئەم**

---

١- صحيح، أخرجه مسلم: (٢|٥٩٢|٤٦٧)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح ابن ماجة)(١٥٣٥).

كتێبە بینیومانە بیكاتە ڕۆشنكەرەوەی ناو گۆڕمان و لە سزای ناو گۆڕ بمان پارێزێت.

لەكۆتاییدا داواكارم لەخوای گەورە ئەم نوسینە ببێتە جێی سەرنجی خوێنەران و سودی لێوەربگرن، وە ئێمەش بێبەش نەكەن لەدوعای خێر.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

آزاد فائق پێنجوێنی

سلێمانی – ئازادی

١٤٣٨هـ

## ناوو ڕەچەڵەک و ساڵ و ڕۆژی لەدایک بوونی پێغەمبەرمانﷺ

ناوی تەواوی: (محمدی كوڕی عبداللە ی كوڕی عبدالمطلیب)ە، وە نەژادی تا (عەدنان) ە كەنەوەی (پێغەمبەر (إسماعيلهعليه السلام) كەڕای ڕاجحی لەسەرە، وە دایكیشی ناوی: (ئامینەی كچی وهب )ە.

لەساڵی (فیل) دا بەهەتیوی لەدایك بووە، لەشاری مەككەی سەربە وڵاتی سعودیە لەڕۆژی (دوشەممە لە (١٢| ربیع الأول) دا، وە تەمەنی (دوو مانگ) بوو لەسكی دایكیدا كە (باوكی) مردوە، ئافرەتێك لەهۆزی بەنی سەعد بەناوی (حەلیمەی كچی أبو ذؤیب) بەخێوی كردوە، لەم دایكە شیریەی چەند خوشك و برایەكی بۆ پەیدا بووە بەهۆی شیر خواردنەكەیەوە ئەوانیش: (عبد اللە، الشیماء، أنیسة)، وە هەر لای دایكە شیریەكەی واتە (حەلیمە) بوو كاتێك بەفەرمانی خوای باڵادەست لەلایەن (جبرئیل علیە السلام) ە وە سنگی شەق كرا و دڵی پاك كرایەوە لەو ڕەشیەی لەدڵی هەموو مرۆڤێدا هەیە.

كەواتە پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ ئەم (٧) كەسەدا بوەتە برای شیری ئەوانیش: (حمزة، أبو سلمة، أبو سوفيان، مسروح، عبدالله، الشيماء، أنيسة).

پاشان لەتەمەنی (٥) ساڵیدا هێنرایەوە بۆلای (ئامینە) ی دایكی.

وە لەتەمەنی (٦) ساڵیدا دایكی مرد.

هەروەها لەتەمەنی (٨) ساڵیدا (عبدالمطليب) ی باپیرەشی مرد، ئیتر دوای مردنی باپیرەی (أبوطالب) ی مامی گرتیە ئەستۆی خۆی.

*****

# ناوی خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ

## ڕای زانایانی لەسەرە کە پێغەمبەر ﷺ (١١) خێزانی هەبوە ئەوانیش:

١–خەدیجەی کچی خوەیلید.

٢– سودەی کچی زەمعە، پێغەمبەر ﷺ دوای خەدیجە یەکەم هاوسەر گیری کردی لەگەڵ خاتوو سودە بوو.

٣– عائیشەی کچی أبوبکری صدیق.

٤– زەینەبی کچی حوزەیمەی هیلالی.

٥– حەفصەی کچی عومەری کوڕی خەتتاب.

٦– أم سەلەمە، کەناوی هیندی کچی أبی أمیەی کوڕی مغیرەیە.

٧– زەینەبی کچی جەحش، یەکەم خێزانی پێغەمبەر ﷺ بوو دوای خۆی وەفاتی کرد، وە لەبەقیع نێژرا.

٨– جویریەی کچی حاریس کچی سید بنی المصتەلەق.

٩– أم حەبیبە.

١٠- صەفیەی كچی یەحیای كوڕی أختەب.

١١-میمونەی كچی حاریس.

وە كاتێك پێغەمبەر ﷺ وەفاتی كرد (٩) ژنی لەدوا بەجێ ما.

*****

# ناوی منداڵەكانی پێغەمبەر ﷺ

## كە سێ كوڕی هەبووە ئەوانیش:

١-(قاسم) كە پێغەمبەر ﷺ بە ناوی ئەمەوە ناودەبرا (أبو القاسم).

٢-(عبد الله) كەپێی دەوترا (طاهر) و (طيب).

٣-(إبراهيم)، لەمانگی (ذو القعدة) ی ساڵی (٨) كۆچیدا لەدایك بوو، وە لە مانگی (ربيع الأول) ی ساڵی (١٠) ی كۆچیدا كە هێشتا لەناو بێشكەدابوو لەتەمەنی (١) ساڵ و (٤) مانگیدا وەفاتی كرد.

## وە چوار کچیشی هەبووە ئەوانیش:

٤–زینب.

٥–رقیه.

٦–أم کلثوم.

٧– فاطمه.

کە ئەم (٤) کچە و (القاسم و عبدالله) لە خاتوو خەدیجە بوون.

**تێبینی/** پێغەمبەر ﷺ (٢١) جەنگی ئەنجام داوە یەكەمینیان جەنگی (الأبواء) ە كەناو دەبرێت بە (ودان) وە كۆتا جەنگیشی جەنگی (تەبووكە).

لە نیوەی مانگی (رجب) ی ساڵی (٢)ی كۆچیدا وەحی دابەزی بۆ پێغەمبەر ﷺ كە فەرمانی پێكرا كە روی قیبلە بگۆڕێت لە (مسجد الاقصی وە بەرەو مەككە).

وە لە مانگی (شعبان) ی ساڵی (٢) ی كۆچیدا وەحی دابەزی بۆ پێغەمبەر ﷺ كە ڕۆژوو واجب كرا لەسەر ئوممەتەكەی، وە پێغەمبەر ﷺ (٩) ڕمەزان ڕۆژووی گرت.

هەروەها لە وە لە مانگی (شعبان) ی ساڵی (٢) ی كۆچیدا وەحی دابەزی بۆ پێغەمبەر ﷺ كە زەكات واجب كرا لەسەر ئوممەتەكەی.

وە یەكەم جەژنی ڕەمەزان لە(١) ی (شەوال) ی ساڵی (٢) كۆچیدا بوو.

هەروەها یەكەم جەژنی قوربان لە (١٠) ی (ذي الحجة) ی ساڵی (٢) كۆچیدا بوو.

******

# دەست بە ئیشکردنی پێغەمبەر ﷺ

لەتەمەنی (١٢) ساڵیدا لەگەڵ (أبو طالب)ی مامی گەشتی یەکەمی کرد بۆشام (سوریا) بۆ بازرگانی.

هەروەها لەمەککە شوانی کردوە بۆ مەککەییەکان.

دواتر (خاتوو خەدیجەی کچی خوەیلید) هەواڵی دەست پاکیی (محمد) ی بیست، ناردی بەدوایدا و ڕێککەوتن لەسەر بازرگانیکردن بۆ (خاتوو خەدیجە) و دوای ڕێککەوتنەکە لەگەڵ (مەیسەرەی) ڕەنجبەری ناردی بۆ شام بۆبازرگانی، دواتر (محمد) لەبازرگانیەکەیدا قازانجێکی زۆری کرد، کاتێك گەڕانەوە (مەیسەرە) زۆر وەسفی (محمد) ی بۆ (خاتوو خەدیجە) کرد، بۆیە ئەویش زۆر لای خۆشەویست و دەست پاك بوو داوای هاوسەر گیریی لێکرد لەڕێی دەستە خوشکێکی بەناوی (نەفیسەی کچی مونیە) ئەویش بەداواکەی ڕازی بوو و خواستی، ئەوکاتە پێغەمبەرﷺ تەمەنی (٢٥) ساڵ بوو خاتوو خەدیجەش تەمەنی (٤٠) ساڵان بوو وە بێوەژن بوو دوشوی تری کردبوو.

هەروەها محمد ﷺ پێش بوونی بە پێغەمبەر لەتەمەتی (٣٥) ساڵیدا بەشداری لە دروست کردنەوەی کەعبەی پیرۆزدا کرد، ئەوکاتە کە کەعبە بەلافاوێکی بەهێز لاکانی ئاو بردبوی، ئەوەش گومانی تێدا نیە کە کەعبە (٤) جار دەستکاری کراوەو دروست کراوەتەوە.

## سەرەتای دابەزینی وەحی

كاتێك پێغەمبەر ﷺ تەمەنی گەیشتە (٤٠) ساڵی حەزی بەگۆشە گیری دەكرد و دواتر ڕوی كردە ئەشكەوتی (حيراء)، كە ئەم ئەشكەوتە دەكەوێتە باكوری خۆرئاوای شاری مەككەوە، پاشان لەو ئەشكەوتە گۆشەگیر بوو، هەتا جار هەبوو دەچوو بە (دە) شەو لەویێ دەمایەوە، دواتر هەر لەو ئەشكەوتەدا خوای گەورە نیگا (وەحی) بۆنارد.

پاشان جبرئیل (عليه السلام) هاتە لای و فەرمووی: إقرأ (بخوێنە) تا (٣) جار، ئەویش فەرمووی: ناتوانم خوێنەواریم نیە، بۆ جاری سێهەم جبرئیل (عليه السلام) گرتی و گوشیی بەخۆیەوە و فەرمووی: {إِقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقْ......}، پاشان پێغەمبەر ﷺ بەو چەند ئایەتەوە گەڕایەوە ماڵ و فەرمووی: دامپۆشن سێ جار ئەمەی فەرموو پاشان دایانپۆشی، كاتێك هاتەوە سەرخۆ ئەو بەسەرهاتەی ئەشكەوتەكەی بۆ (خاتوو خەدیجە) ی خێزانی گێڕایەوە ئەویش بەنەرمی و لەسەرخۆیی دڵدانەوەی كرد.

پاشان (خاتوو خەدیجە) بردی بۆلای ئامۆزایەكی خۆی كە ناوی (نەوفەل) بوو، شارەزاییەكی باشی لە (إنجیل و تەورات) دا هەبوو، پاشان پێغەمبەر ﷺ بەوردی باسەرهاتەكەی بۆ (نەوفەل) گێڕایەوە، ئەویش پێی ڕاگەیاند كە ئەوە نیشانەی پێغەمبەرایەتیە، وەپێشی ڕاگەیاند كە قەومەكەت دژایەتیت دەكەن و دەربەدەرت دەكەن لە نیشتمانی خۆت،

دوای ئەوە زۆری نەبرد (نەوفەل) وەفاتی کرد، دوای ئەوە نیگا (وەحی) دانەبەزی بۆ پێغەمبەر ﷺ لەماوەی دانەبەزینی وەحیدا ڕاجیایی لەنێوان زانایاندا هەیە، وە ڕاجحترینی ئەوەیە کە (٦) مانگ وەحی دانەبەزێنراوە بۆ پێغەمبەر ﷺ، دوای ئەو ماوەیە دوبارە وەحی دابەزێنرایەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ و ئایەتی: { يَآ أَيُّهَا الْمُدَّثِّر....... } ی بۆ دابەزێنرا.

******

# لەرۆژی بوون بە پێغەمبەرییەوە تا كۆچكردنی بۆ مەدینە

## قۆناغەكانی بانگەوازی ئیسلامی لەژیانی پێغەمبەر ﷺ دا

بانگەوازی ئیسلامی لەژیانی پێغەمبەر ﷺ دا لەساتەكانی نازڵبوونی یەكەم وەحی تا دوا ڕۆژی ژیانی پیرۆزی بە چوار قۆناغدا تێپەڕیوە:

قۆناغی یەكەم: بانگەوازی نهێنی كە سێ ساڵی خایاند.

قۆناغی دووەم: بانگەوازی ئاشكرا بەڵام بەبێ شەڕو بەگژدا چونەوەی كافرەكان، ئەم قۆناغە تا كۆچكردنی پێغەمبەر ﷺ لەمەككەوە بۆ مەدینەی خایاند.

قۆناغی سێیەم: بانگەوازی ئاشكراو شەڕكردنیش لەگەڵ دەست درێژی كاران و ئەوانەی دەست پێشخەری دەكەن بۆ شەڕ، ئەم قۆناغە تاساڵی ئاشتینامەی حودەیبیە ((صلح الحديبية)) بەردەوام بوو.

قۆناغی چوارەم: بانگەوازی بە ئاشكراو بە شەڕكردنیش لەگەڵ هەركەس و لایەنێك لەبەردەم بانگەوازییەكەدا بوەستێ، یان وێڕای بانگەواز یكردن بۆی، مل نەدان بۆ ئیمان هێنان و ئەهلی كیتابیش نەبێت، چونكە ئەهلی كیتاب دەتوانن ئیمان نەهێنن و سەرانە بدەن.

ئەم قۆناغە بووەتە حوكمێكی گشتی و كارو باری تەشریعی ئیسلامی لەسەر دامەزراوە، حوكمی جیهادی ئیسلامی لەسەر واقیع و شێوەی ئەم قۆناغە چەسپاوە.

******

## ئازاردان و عەزییەت دانی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی

پاشان دوای بانگەوازە ئاشکراکەی پێغەمبەر ﷺ قورەیشیەکان کەوتنە عەزیەت و ئازاردان و ناڕەحەتکردنی پێغەمبەر ﷺ و تانەو تەشەر لێدانی، هەتا پاشەڕۆی ئاژەڵیان کردووە بەسەریدا وە پەت لەملی ئاڵێندراوە، هەروەها هاوەڵانیشی زۆر ئازارو ئەشکەنجە دراون لەسەر ئەم دینی ئیسلامە.

دواتر قورەیشیەکان کەوتنە کۆبونەوە بۆ ئەوەی پێغەمبەر ﷺ ڕازی بکەن بە سەروەت و سامان و ئافرەتی جوان، بەڵام ئەو هەر ڕەدی کردەوەو ڕازی نەبوو بەپێشنیارەکەیان و ملی بۆ دانەدان.

پاشان قورەیشیەکان ووتیان: وەرە تۆ ڕۆژێك خواکانی ئێمە بپەرستە ئێمەش ڕۆژێك خواکەی تۆ دەپەرستین، بەڵام پێغەمبەر ﷺ ڕازی نەبوو هەر لەسەر ئەم قسانە خوای گەورە سورەتی (الکافرون) ی دابەزاند و فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ کرد بەپێشنیارەکەیان ڕازی نەبێت.

تادەهات قورەیشیەکان تورەتر دەبوون لەسەر سوکایەتی کردن بە خواکانیان.

پاشان قورەیشیەکان کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بەهەر چۆنێك بێت (بەنی هاشم و بەنی موطلب) (محمد) یان ڕادەست بکەن، ئەوانیش ڕازی نەبوون.

قورەیشیەكان كۆبونەوەو پەیمان نامەیەكیان نوسی كە كەس شت بەو دوو هۆزە نەفرۆشێت و ژن و ژن خوازییان لەگەڵدا نەكات، وە ئەم پەیمانە بۆ ماوەی (٣)ساڵی خایاند، دواتر چەند هۆزێك كۆبونەوە و ویژدانیان قەبوڵی نەكرد ئاوا بەو دوو هۆزە بكرێت، چونكە هۆزی (بەنی هاشم و بەنی موطە لب) لەماوەی ئەو (٣) ساڵەدا لەشیوی (بەنوو موطلب) زۆر ناڕەحەت دەژیان هەتا وایان لێهاتبوو لەبرسا گەڵای دارو پێستی ئاژەڵیان دەخوارد، ئەو چەند هۆزە كۆبوونەوەو داوایان لە قورەیشیەكان كرد تا ئەو پەیمان نامە هەڵوەشێننەوە، پێشتر پێغەمبەر ﷺ بە (أبوطالب) ی مامی ووتبوو كە بەفەرمانی خوا مۆرانە چوەتە سەر نوسینەكەو خواردویەتی، كاتێك ویستیان پەیمان نامەكە سەیركەن دیتیان قسەكەی پێغەمبەر ﷺ راست بوو بێجگە ناوی (الله) هەموو نوسینەكانی تر خورابوو، ئیتر لەوە بەدواوە ئەو دوو هۆزە لەشیوی (بەنوو موطە لب) گەڕانەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان.

******

# یەکەم کۆچ لە ئیسلام دا

دوای ئەو ئەزیەت دانە زۆرەی موسوڵمانان پێغەمبەر ﷺ داوای لە موسوڵمانان کرد کە کۆچ بکەن بۆ حەبەشە و فەرمووی: لەوێ مەلیکێکی لێیە کە لەسەر دەستی ئەو زوڵم لەکەس ناکرێت.

دوای ئەوە (٨٠) کەس لە موسوڵمانان کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، قورەیشیەکان کاتێك بینیان موسوڵمانەکان بەتەواوی لەوێ نیشتەجێ بوون (دوو) کەسیان نارد بۆلای (نەجاشی) مەلیکی حەبەشە و برێك خەڵاتی بەنرخیان برد بۆ خۆی و دارو دەستەکەی و داوایان لێکرد تا ئەو موسوڵمانانەی کۆچیان کردوە بۆ ئەوێ دەریان بکات و بیانگێڕێتەوە بۆ مەککە.

پاشان نەجاشی پرسیاری لێکردن دەربارەی دینە تازەکەیان، (جعفری کوڕی أبو طالب) بۆی باسکرد کەلەبەر ئەم دینە پاك و دادپەروەرە وازیان لە زێد و نیشتمانی خۆیان هێناوەو هاتوون بۆ ئێرە، (نەجاشیش) دارو دەستەکەی قورەیشی ناردەوەو ووتی: بەهیچ جۆرێك ئەمانەتان ڕادەست ناکەمەوە، نێردراوەکانی قورەیشیش بە نائومێدی گەڕانەوە بۆ مەککە.

وەجارێکیتریش قورەیشیەکان هەوڵیاندا بەڵام بێسوود بوو، چونکە نەجاشی سوور بوو لەسەر مانەوەی موسوڵمانەکان لەلای خۆی.

## یەكەم وەفد هاتە لای پێغەمبەر ﷺ

لەو گەرمەی ئازارو ئەشكەنجەی موسوڵمانانندا وەفدێك لە قورەیش هاتنە مەككە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ كاتێك ڕەوشت و ڕەفتاری ئەم پێغەمبەرەیان بینی و ئەویش قورئانی بەسەردا خوێندن ئەوانیش زوو بڕوایان پێهێنا، (أبو جهل) هەرچەندە هاتە لایان و قسەی نەشیاوی پێوتن بۆ ئەوەی پاشگەز ببنەوە، بەلاّم ئەوان ووتیان: وەلاّمت نادەینەوە دینی خۆمان بۆ خۆمان و دینی خۆت بۆ خۆت ئێمە ئەم هەلە لەكیس خۆمان نادەین.

******

## ساڵی خەم و پەژارە

پێغەمبەر ﷺ لە ساڵی (١٠) ی پێغەمبەرێتیدابوو كە (دوو) كەسی گرنگ و پشتیوانی لەدەستدا، ئەویش دایكی ئیمانداران (خاتوو خەدیجەی خێزانی (رضي الله عنها) و (أبو طالب)ی مامی بوون، كەماوەی مردنی نێوان ئەم دوانە (١) مانگ و (٥) ڕۆژ بوو.

وە کەمترین سزای ناو دۆزەخ بۆ (أبو طاب) ی مامی پێغەمبەرە ﷺ هەر وەکو پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((أهون أهل النار عذاباً أبو طالب، وهو منتعل بنعلين يغلي منهما دماغه))[٢].

واتە: ((کەمترین سزای ناو دۆزەخ بۆ أبو طالبە کە پشکۆ دەخریتە ژێر پێیەکانی تەوقی سەری دەکوڵێت)).

دوای ئەوە قورەیشیەکان بەجۆرەها شێوە ئازاری پێغەمبەر ﷺ یان دەدا، هەر بۆیە ئەو ساڵەی ناونا ساڵی خەم و پەژارە (ساڵی ماتە مینی).

******

## کۆچ کردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ تائف

پێغەمبەر ﷺ کەزانی قورەیشیەکان گوێی بۆ ناگرن بیری لەوە کردەوە کە ڕووبکاتە (شاری طائف) بەڵکو لەوێ (هۆزی ثقیف) گوێی بۆ بگرن و موسوڵمان بن، کاتێك گەیشتە ( طائف) چوە لای کۆمەڵێك لەوهۆزە کەپیاو ماقوڵی ئەو شارە بوون، بانگەوازەکەی خۆی بۆ ڕوون کردنەوە، بەڵام ئەوان زۆر بەناشرینی و بەخراپی وەڵامیان دایەوە، کاتێکیش ویستی

---

٢- أخرجه مسلم.

بڕوات و ئەوێ جێ بێڵێت منداڵەكانیان لێ هاندا كە بەجنێوو بەرد ڕاوی بنێن هەتا وای لێهات خوێن لە قاچی موبارەكی دەتكا.

(زیدی كوڕی حارثە) خۆی دەخستە بەر ئەو دارو بەردانەی منداڵەكان دەیانگرتە سەروچاوی پێغەمبەر ﷺ ئەویش چەند شوێنی شكابوو.

پێغەمبەر ﷺ بەو حاڵەوە گەیشتە نزیك باخێك كە هی (عوتبەی كوڕی ڕەبیعە بوو) عوتبەش منداڵەكانی لێدوور خستنەوە، پێغەمبەر ﷺ بەبرینداری چووە ژێر سێبەری مێوێك و پاڵی دایەوە، دوای كەمێك حەوانەوە سەیرێكی ئاسمانی كرد و دەستی بەرز كردەوە و فەرمووی: ((خودایە من زەعیفی و بێدەرەتانی و بێفێڵی و بێنرخیم لای خەڵك بۆتۆ دەدركێنم، ئەی ئەو كەسەی لەهەموو كەس بەبەزەیی تری، ئەتۆ خودای بێهێزانی، ئەتۆ خودای منی و تاكو تەنهاو بێهاوەڵی، بەكێم دەسپێری! بەبێگانەیەك كە بەڕووی گرژو مۆنەوە سەیرم بكات؟ یان بە دوژمنێك و كارو بارم دەخەیتە ژێر دەستیەوە؟ سەرباری هەموو ئەمانەش گەر تۆم لێ ڕازی بیت هەموو شتێك دەخەمە لاوە، تۆم لێ نەڕەنجێی باكم نیە، ئەوەندە هەیە خۆشنودی تۆ بۆمن لەهەموو شتێك فراوانترە، پەنا دەگرم بە ڕووناكی ڕووت كە هەموو تاریكیەك لادەبات، بەختەوەریی دونیاو قیامەت لەسەر ڕەزامەندی تۆ بەندەو پەیوەستە بەڕووناكیی ڕووت، پەنا دەگرم لەوەی قارو قینت برژێ بەسەرمدا، یان لێم زویر ببی و لێم نارازی بیت، هەمووكەس

**شایانی سەرزەنشت کردنە تا تۆی لێ ڕازی دەبیت، هیچ پەناو هێزێك نیە بێجگە لە پەناو پشتگیری تۆ!!!))[٣].**

**پاشان نۆکەرەکەیان کەناوی (عەداس) بوو مەسیحی بوو چەند هێشوە ترێیەکی هێناو بۆی دانا، پێغەمبەر ﷺ یش دەستی بۆ برد و (بسم الله) ی کردو خواردی.**

**کاتێك گەڕایەوە لەڕێگادا لە (نخله) لایداو لەنیوەی شەودا شەونوێژی کرد کۆمەڵێك (جنۆکە) دایان بەلایدا کاتێك گوێیان لە قورئانەکە بوو وەستان تاتەواو بوو موسوڵمان بوون پاشان گەڕانەوە و بانگەوازی گەلەکەیان کرد بۆ ئەوەی موسوڵمان بن، هەروەکو چۆن خوای گەورە لەقورئاندا باسیکردوە لە سورەتی (الأحقاف:٢٩) و (الجن: ١) دا، پاشان پێغەمبەر ﷺ بە داڵدە دانی (مطعم ی کوڕی عەدی ) گەڕایەوە ناو مەککە.**

******

---

٣- **ئەم دوعایە عەرەبیەکەی لە کتێبی فقه السیره النبویه لەنوسینی** ( الدکتؤر محمد سعید رمضان البوطی ) **دا هاتوە لاپەڕەی** ١١٥.

## ئیسڕاو میعراج

مەبەست بە (إسراء) شەوڕەوی: ئەو گەشتەیە کە بەفەرمانی خوای پەروەردگار پێغەمبەر ﷺ شەوڕەوی پێکرا بەسواری جۆرە ئاژەڵێك کەناوی (بوراق) ە لەگوێدرێژ گەورە ترەو لە هێستر بچوك ترە کە لە (مسجد الحرامەوە لەمەککە) ە وە بۆ (مسجد الأقصى لە قودس).

وە مەبەست بە (معراج): واتە بەرز کردنەوەی پێغەمبەرە ﷺ لە (مسجد الأقصى لە قودس) ە وە بۆ سەرو تەبەقە بەرزەکانی ئاسمان، هەموو ئەمانەش لەکاتێکی زۆر کەمدا هەروەکو مەولەوی شاعیر دەڵێت:

**چوو بوو دی بیستی کریا دریاوە**

**هەتا هاتەوە حەڵقە لەریاوە.**

ئەم موعجیزەیە وەك لەڕیوایەتەکاندا هاتوە (١٨) مانگ پێش کۆچکردنی بوە بۆ مەدینە.

کاتێك شەو ڕەوی پێکرا لە (مسجد الأقصى) دوو ڕکات نوێژی کرد بۆ گشت پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) پاشان بەرز کرایەوە بۆ سەرو ئاسمانەکان تا گەیشتە (سدرة المنتهى) کە شوێنێکە بەس خوا خۆی دەزانێت چۆنە، وە هەر ئەوکاتەش (٥) فەرزەی نوێژی بۆدیاری کرا لەشەوو ڕۆژێکدا

لەسەر موسوڵمانان فەرزكرا كە لە سەرەتادا لەبناغەدا (٥٠) فەرز بوو دوایی كورت كرایەوە لەسەر موسوڵمانان بۆ (٥) فەرز.

بۆ بەیانیەكەی پێغەمبەرﷺ كە ئەمەی گێڕایەوە بۆ قورەیشیەكان ئەوانیش دەستیان كرد بەگاڵتە پێكردنی و ووتیان: گەر ڕاستەكەی وەصفی ناوەوەی قودسمان بۆبكە، لەوكاتەدا خوای گەورە ڕووی ناوەوەی قودسی هێنایە پێش چاوی و ئەویش بەو شێوەیە بۆی وەصف كردن.

وە هەر لەسەرەتای شەوی (إسراو معراج) داڕۆژەكەی (جبرئیل علیه السلام) هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و چۆنیەتی ئەنجام دانی نوێژەكانی فێركرد، وە پێغەمبەر ﷺ پێش واجب بوونی ئەم (٥) فەرزە نوێژە هەموو بەیانیەك (٢) ڕكات و ئێوارەیەك (٢) ڕكات نوێژی دەكرد.

******

# پەیوەندیکردنی پێغەمبەر ﷺ بە هۆزەکانەوە بۆ باوەڕ هێنان بە دینی ئیسلام

سەرەتا ئیمان هێنانی (أنصار): پێغەمبەر ﷺ هەموو ساڵێ وەرزی حەجی بەهەل دەزانی و لەو وەرزەدا دەچوو بۆلای هەموو هۆزەکان و قورئانی بەسەردا دەخوێندن و داوای پشتگیری و ئیمانهێنانی لێدەکردن، وە یەکەم هۆز کە موسوڵمان بوون (خەزرەجیەکان) بوون، ئەوکاتە پێغەمبەر ﷺ لە ساڵی (١١) ی پێغەمبەرێتیدابوو.

دوای موسوڵمان بوونی (أنصارەکان)، دواتر پێغەمبەر ﷺ ڕێی بەهاوەڵانی دا کە کۆچ بکەن بۆ مەدینە، ئەوانیش بە دزییەوەو بە شاراوە دوو دوو و سێ سێ کۆچیان دەکرد بەنهێنی بێجگە (إمامی عمر رضي الله عنه) نەبێت بەئاشکرا کۆچی کرد و کەسیش نەیوێرا ڕێی پێبگرێت.

وە دوای ئەوە پێغەمبەر ﷺ و (إمامی أبوبکر) بەیەکەوە چاوەڕێی ڕێپێدان بوون لەلایەن خوای گەورەوە تا ئەوانیش کۆچ بکەن.

ئیتر قورەیشیەکان کەوتنە خۆیان و لە (دار الندوة)[٤] دا بڕیاریان دا کە لەهەر هۆزێك کەسێك هەڵبژێرن بۆ لەناو بردنی (محمد ﷺ ) لەشەوێکدا هێرش بکەنە سەری، وە خوێنەکەی دەکەوێتە سەر هەموویان و کەس ناتوانێت بکوژەکە بدۆزێتەوە.

---

٤- شوێنی کۆبوونەوە گرنگەکانی قورەیشیەکان بوو.

(جبرئيل عليه السلام) هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و ئەو هەواڵەی پێگەیاند و پێی ڕاگەیاند کۆچ بکات وە لەو جێیەشدا نەخەوێت ئەو شەوە، وە لەجێکەی خۆیدا (إمامی علي) ئامۆزای خۆی دابنێت تا ئەو سپاردانەی خەڵکی مەککە دایان نابوو لای پێغەمبەر ﷺ لەبەر دەست پاکیی (إمامی علي) بیانگەیەنێتەوە خاوەنەکانیان.

ئیتر لەگەڵ (إمامی أبوبکر) بەرەو ئەشکەوتی (ثور) بەڕێکەوتن کە ئەمەش لە ساڵی (١٣) ی پێغەمبەرایەتیدا بوو.

وە (٣) ڕۆژ لە ئەشکەوتی(ثور) مانەوە، پاشان بەرەو مەدینە بەڕێکەوتن تا گەیشتنە(قوباء).

وە لەوێ چەند ڕۆژێك مایەوە، وەهەر لەوێ (إمامی علي رضي الله عنه) پێیان گەیشتەوە، پاشان هەرلەوێ یەکەم مزگەوتی بەناوی (مسجد القباء) بنیاد نا.

وە لە (١٢) ی ربيع الأول دا گەیشتە شاری (مەدینە) و لەحەوشەی ماڵی (أبو أيوب الانصاری) بنەو بارگەی خست و لەوێ نیشتەجێ بوو.

بۆیە یەکەم ئیش کە پێغەمبەر ﷺ گرنگی پێداو دەستی پێکرد دارِشتنی بنەما گرنگەکانی دەوڵتی ئیسلامی بوو.

بێگومان ئەم بنەما گرنگانە لەسێ خاڵی سەرەکیدا خۆیان نواند:

١–دروستکردنی مزگەوت.

٢–برایەتی خستنە ناو کۆچکەران و ئەنصارەکان.

٣–نووسینی دیکۆمێنت و وەسیقەو دەستورێك، بۆ ڕێکخستن و دیاریکردنی شێوە ژیانی موسوڵمانان لەناو خۆیاندا، هەروها چۆنیەتی پەیوەندی نێوان موسوڵمانان و غەیری خۆیان بەتایبەتی نێوان موسوڵمان و جولەکە بەشێوەیەکی تایبەتی.

******

## قۆناغی شەڕی بەرگری

یەكەم جەنگی پێغەمبەر ﷺ دژی (بەنو حەمزە) بوو كە ئەوان صوڵحیان لەگەڵ كرد و شەڕ ڕوی نەدا.

پاشان و دوای ئەوە جەنگی (گەورە) ڕویدا، كەژمارەی موسوڵمانان (٣١٤) پیاو بوون وە كافرەكان (١٠٠٠) كەس دەبوون، كەلەم جەنگەدا كافرەكان شكان.

******

## جەنگی ئوحود

پاشان جەنگی ئوحود ڕویدا، كەلە (٧) ی مانگی شەشەلآندابوو كە (٣) ساڵ و (٢) مانگ بەسەر كۆچدا تێپەڕیبوو بۆ مەدینە، كە تیایدا ژمارەی موسوڵمانەكان (١٠٠٠) كەس دەبوون وە ژمارەی قوڕەیشیەكانی مەككە (٣٠٠٠) شەڕكەر بوون.

پاشان هەندێك لە موسوڵمانەكان پاشگەز بوونەوە و گەڕانەوە مەدینە.

ژمارەی موسوڵمانان بۆ شەڕەكە مایەوە (٧٠٠) جەنگاوەرێك.

وە تیایدا موسوڵمانەكان لەشەڕەكەدا شكان وە (إمامی حەمزە) ش لەو شەڕەدا شەهیدكرا، كە پێغەمبەر ﷺ بە شەهیدبوونی زۆر خەفەت باربوو.

******

## ڕووداوی بیری مەعونە

پاشان لەساڵی (٤) كۆچیدا (عامری كوڕی مالك) هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و ئیمانی پێهێنا، پاشان داوای لێكرد كە كۆمەڵێك هاوەڵی بنێرێت بۆلای دانیشتوانی (نجد) ئەوان دێن بەدەم بانگەوازەكەیەوە، ووتیشی خۆم پەنایان دەدەم، پێغەمبەریش ﷺ (٧٠) كەس لەهاوەڵانی (حافظ قورئان) ی نارد بۆلایان، بەڵام (عامر) درۆی كرد، بێجگە (١) صەحابی نەبێت ئەوانی تریان شەهیدكران، هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ تا (١) مانگ لەنوێژی بەیانیدا (قنوت) ی دەخوێند و دوعای لەو هۆزانە دەكرد.

******

## جەنگی ذات الريقاع

زۆربەی زانایانی سیرە دەڵێن کە ئەم جەنگە لە ساڵی (٤) ی کۆچیدا بووە، بەڵام بوخاری و هەندێکی تر دەلێن دوای جەنگی خەیبەر بوە، ئەم جەنگەش هۆکاری شەهید کردنی (٧٠) صەحابیەکەبوو لەلایەن هۆزی (نجد)، کەخوای گەورە ترسی خستە دڵی بێباوەڕانەوەو نەیانتوانی دژی موسوڵمانان بوەستن هەرچەندە ژمارەیان زۆر زیاتربوو، جەنگەکەش بەبێ شەڕ کۆتایی هات.

******

## جەنگی بنی المصطلق

ئەم جەنگە لە مانگی شەعبانی ساڵی (٥) ی کۆچیدا ڕویدا، کەتیایدا موسوڵمانەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

******

## هەواڵی بوختان بۆ خاتو عائیشە (رضي الله عنها)

لەگەڕانەوەی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی لە جەنگی (بني المصطلق) بوختان بۆ (خاتو عائیشەی دایكمان رضي الله عنها) دروستكرا كە گوایە زینای كردوە كاتێ لە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی بەجێماوە، بەڵام خوای پەروەردگار لەسەرو (٧) تەبەقەی ئاسمانەوە پاكیەتی خاتو عائیشەی دایكمانی سەلماند هەروەكو چۆن لە سورەتی (النور: ئایەتی {١١–٢٢}) دا خوای گەورە باسی كردوە، وە بوختان چیان بەدرۆ دەخاتەوە، وە تائێستاش شیعەكان باوەڕیان بەو بوختانە ماوەو باوەڕ بەو ئایەتانەی خوای پەروەردگار ناهێنن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە شیعەكان لەسەرلێشێواوی و گومڕاییەكی گەورەدان، وە ئاینی ئیسلام دورە لەوتاقم و پێڕە گومڕایانە.

******

## جەنگی خەندەق [ئەحزاب]

ئەم شەڕەش لەمانگی شەوالی ساڵی (٥) ی كۆچیدا ڕوویدا، هۆی ئەم شەڕەش ئەوەبوو هۆزی (بنو نضير) چونە مەككەو داوایان لە قوڕەیشیەكان كرد گەلە كۆمەكی بكەن لە موسوڵمانان و ئەمانیش یارمەتییان دەدەن، وە لەگەڵ چەند هۆزێكی تر ڕێكەوتن بۆ شەڕ دژی موسوڵمانان.

دواتر هەواڵەكە گەشت بە پێغەمبەر ﷺ، ئەویش هاوەڵانی بۆ شەڕەكە ئاگادار كردەوەو حازریكردن بۆ شەڕەكە، وە (سەلمانی فارسی) ش پێشنیاری خەندەق هەڵكەندنی كرد بەدەوری مەدینەدا، پێشنیارەكەی پەسەندكراو دەستكرا بە خەندەق هەڵكەندن، ژمارەی موسوڵمانان لەم جەنگەدا (٣٠٠٠) كەس بوون وە قوڕەیش و ئەحزابەكانیتر (١٠٠٠٠)كەس بوون.

لەم جەنگەدا شەوێك بەفەرمانی خوای گەورە بایەكی بەهێز هەڵیكرد ماڵ و خێمە و كاسەو كەوچكی قوڕەیشیەكانی تێك و پێك دا بەجۆرێك تەنانەت نەیان دەتوانی ئاگرێكیش بكەنەوە، ئیتر بەفەرمانی (ئەبو سوفیان) كەوتنە ڕێ بۆ مەككە، واشیان دەزانی كە (بەنو قوریڤە) فێڵیان لێكردوون، وە پێغەمبەریش ﷺ گەڕایەوە مەدینە بەخۆی و هێزەكەیەوە، وە شەڕەكەش بەبێ كوشتار و تێك هەڵپژان بەكۆتا هات.

******

# جەنگی بەنو قورەیظە

ڕاستەوخۆ دوای (جەنگی خە ندەق) جبرئیل (علیه السلام) هاتە لای پێغەمبەرﷺ و فەرمانی خوای گەورەی پێگەیاند و داوای لێكرد بەخێرایی خۆی حازركاتەوەو بچێتە سەر هۆزی (بنو قورە یظە) ئەویش بەخێرایی خۆی ئامادەكرد و هاوەڵانی كۆكردەوە بۆ جەنگەكە، (٢٥) شەو یان ڕۆژ گەمارۆی ئەو هۆزەیان دا، پاشان هۆزی (بەنو قورە یظە) تینیان بۆ هات و خۆیان دا بەدەستەوەو قەڵاكانیان چۆڵكرد، پیاوەكانیان لەملیان دراو كوژران وە منداڵ و ژنەكانیان كران بەكۆیلە و دابەشكران بەسەر جەنگاوەراندا.

******

# فەتحی مەككە
# صوڵحی حودەیبیە

لەمانگی (ذوالقعدة) ی ساڵی شەشەمی كۆچیدا ئەم پەیمانە مۆركرا، كە صوڵحەكە ماوەی (١٠) ساڵی خایاند، وە هەر لەم ساڵی حودەیبیەدابوو كە سورەتی(الفتح) بۆ پێغەمبەر ﷺ نازڵ بوو.

******

## جەنگی خەیبەر

ئەم جەنگەش لە کۆتایی مانگی (محرم) ی ساڵی حەوتەمی کۆچدا ڕوویدا.

ژمارەی موسوڵمانان لەم شەڕەدا ( ١٤٠٠) بوو، موسوڵمانان لەگەڵ ئەو هۆزەدا جەنگان و گەمارۆیان دان هەتا خۆیان ڕادەستکردن خەیبەریش فەتح کرا.

******

## نامە ناردن بۆ مەلیک و پاشاکانی ئەو ڕۆژگارە

دوای جەنگی خەیبەر پێغەمبەر ﷺ دەستی کرد بەناردنی نامە بۆ مەلیك و پاشاکانی ئەو ڕۆژگارە بۆ ئەوەی موسوڵمان بن وە ئەگەر موسوڵمان نەبوون، شەڕیان لەگەڵدا بکەن تا موسوڵمان دەبن، ئەنگوستیلەیەکی دروستکرد و لەسەری نووسی (محمد رسول الله) ئیتر ئەمەی کرد بەمۆر لەهەر نامەیەك ئەم مۆرەی لێدەدا، ئەم نامە ناردنەش لەمانگی (محرم) ی ساڵی (٧) ی کۆچیدا بوو.

یەکەم کەس نامەکەی پێگەیشت (نەجاشی) بوو، نامەکەی وەرگرت و موسوڵمان بوو، شایەتومانی هێنا، دووەم نامەش بۆ (هێرقەل) پاشای ڕۆم

بوو، ئەویش ویستی هانی خەڵكەكەی بدات تا موسوڵمان ببن بەڵاّم خەڵكەكە زۆر بەتوندی دژایەتی قسەكەیان كرد ئەویش كەزانی شوێنكەوتوانی ئەوە بڕیاریانە بۆئەوەی دەسەلاّتەكەی لەدەست نەچێت بەخەڵكەكەی ووت ئەوە تاقیم كردنەوە ووتم بزانم كێتان هەڵدەخەڵەتێن، ئیتر بێدەنگیی كرد لە جواب دانەوەی نامەكە.

وە نامەی سێهەمیشی نارد بۆ (كیسرا) ئەویش كەنامەكەی پێگەیشت، وەریگرت و دڕاندی، هەر ئەو شەوە (كیسرا) بەدەستی كوڕەكەی خۆی كوژرا.

چوارەم نامەشی نارد بۆ فەرمان ڕەوای (بوصرا) ئەویش نێردراوەكەی پێغەمبەر ﷺ ی شەهیدكرد.

دوای ئەوە پێغەمبەر ﷺ نامەی نارد بۆ زۆرێك لە سەرۆك و هۆزە عەرەبەكانی ئەوكاتە، كە زۆرێكیان مسوڵمان بوون و هەندێكیشیان ملیان نەدا.

******

# جەنگی مؤتە

ئەم جەنگە لەمانگی (جەمادی ١) ی ساڵی (٨) ی كۆچیدا ڕوویدا، هۆی ڕوودانی ئەم شەڕەش كوژرانی نێردراوەكەی پێغەمبەر ﷺ بوو بەفەرمانی مەلیكی (بوصرا)، كە ژمارەی موسوڵمانان لەم شەڕەدا (٣٠٠٠) كەس بوون، وە پێغەمبەر ﷺ خۆی لەگەڵیان نەچوو بۆ ئەم جەنگە، هەر بۆیە هەندێك دەڵێن پێی ناوترێت (جەنگ) بەڵكو پێی دەوترێت (سیریە)، بەڵام لای زۆریی زانایان بە (جەنگ) ئەژمار دەكرێت.

ژمارەی دوژمنانی دین لەم جەنگەدا لە (٢٠٠٠٠٠) كەس زیاتر بوو، وە لەم شەڕەدا موسوڵمانەكان بەپشتیوانی خوای پەروەردگار سەركەوتنیان بەدەست هێنا و شوێن دوژمنانی دین نەكەوتن و گەڕانەوە بۆ مەدینە بەبڕیاری (خالیدی كوڕی وەلید) كەلەوكاتەدا ئەو سەرپەرشتی موسوڵمانان بوو لەشەڕەكەدا وە بەسەركردایەتی ئەو سەركەوتنیان بەدەست هێنا.

******

# ڕزگارکردنی مەککە

ئەم ڕوداوە گرنگە لە(١٠) ی مانگی (ڕەمەزان) ی ساڵی (٨) ی کۆچیدا بوو.

ژمارەی موسوڵمانەکان گەیشتە (١٠٠٠٠) کەس.

پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەرکەس بچێتە ماڵی خۆی یان بچێتە مزگەوت یان بچێتە ماڵی (ئەبو سوفیان) پارێزراو دەبێت، وە شەڕ لەگەڵ کەس مەکەن مەگەر بەرانبەرتان بوەستنەوە، وە فەرمووی: ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە پارێزراو دەبن.

پاشان چونە ناو مەککەوە، وە پێغەمبەر ﷺ چوە لای کەعبەوەو چی بتی لەدەوربوو گشتی فڕدانە خوارەوە، فەرمانیشی بە (بیلال) کرد کە بچێتە سەر بانی کەعبەو بانگ بدات (بیلال) یش چووە سەرەوەو بانگیدا.

لەوە بەدواوە خەڵکی پۆل پۆل دەهاتنە ناو دایەرەی ئیسلامەوەو موسوڵمان دەبوون، پاشان پێغەمبەر ﷺ ووتارێکی بۆدان، ئەم فەتح کردنەش بە ئاشتیانە فەتح کرا هەروەکو ئیمامی (شافعی و ئەحمد و هی تریش) پێیان وایە.

هەروەکو لە بوخاریدا هاتوە پێغەمبەر ﷺ (١٩) ڕۆژ لەمەککە ماوەتەوە، وە ئەو (١٩) ڕۆژە نوێژی بە کورتکراوەیی کردوە لەجیاتی (٤) ڕکات، وە دوای ئەوە گەڕانەوە مەدینە.

******

## جەنگی حونەین

ئەم جەنگە لە مانگی (شەشەلآن) ی ساڵی (٨) ی کۆچیدا ڕویدا، کە هۆزی (هەوازین و ثقیف) داخ لەدڵ ببوون بەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو سەرکەوتنە گەورەی بەدەست هێنابوو، وە لەم شەڕەدا ژمارەی موسوڵمانان (١٢٠٠٠) کەس دەبوون کە (١٠٠٠٠) یان خەڵکی مەدینە بوون وە (٢٠٠٠) یان خەڵکی مەککە بوون، وە کافرانیش بەپیاوو ژن و منداڵەوە بەشدارییان کرد لەشەڕەکەدا، وە لەم جەنگەشدا موسوڵمانان سەرکەوتنیان بەدەست هێناو کافرەکانیش هەندێکیان کوژران و هەندێکیان بەدیل گیران و هەندێکی تریشیان موسوڵمان بوون.

******

## جەنگی تەبوك

ئەم جەنگەش لەمانگی (ڕەجەب) ی ساڵی (٩) ی كۆچیدا ڕوویدا، ژمارەی موسوڵمانان لەم شەڕەدا (٣٠٠٠٠) جەنگاوەر بوون، وە ژمارەی ڕۆمەكانیش (٤٠٠٠٠) شەڕكەبوون، كاتێك گەیشتنە تەبوك هەموو تاقمەكان بلاْوەیان لێكردبوو، پاشان حاكمی (أیلە) هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و صوڵحی لەگەڵ كرد لەسەر ئەوەی سەرانە بدەن، دوای ڕێككەوتن نامەكە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی گەڕانەوە مەدینە لە ڕەمەزانی هەمان ساڵدا كەنزیكەی (٢) مانگ دەبوو لەمەدینە دەرچووبوون.

******

## وەفد و نێردراوەكانی پێغەمبەر ﷺ بۆلای خەڵكی بۆ ئەوەی فێری بنەماكانی ئیسلام ببن

جا لەوە بەدواوە خەڵكی پەیتا پەیتا لەهەموو هۆزەعەرەبەكان دەهاتن بۆئەوەی موسوڵمان ببن، لەهەمان كاتدا پێغەمبەریش ﷺ دەستی كرد بەناردنی هاوەڵان بەهەموو لایەكدا بلاْوی كردنەوە بەتایبەتی لەباشوری جەزیرەدا بۆ ئەوەی خەڵكی فێری بنەماكانی ئیسلام بكەن و عەقیدەو شەریعەتیان بۆ ڕوون بكەنەوە، زۆری پێنەچوو ئاینی ئیسلام لەسەرانسەری

جەزیرەو دەورو بەریدا بڵاو بویەوە و هاوەڵانی نارد بۆ هەموو شارو وڵاتان تا بەتەواوی خەڵكی فێری بنەماكانی ئاینی ئیسلام بوون.

******

## حەجی ماڵ ئاوایی و ووتارە بەناوبانگەكەی پێغەمبەر ﷺ

ئیمامی موسلیم بەسەنەدی خۆی لە جابیرەوە ڕیوایەتی دەكات و دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ (٩) ساڵ لەمەدینە مایەوە حەجی نەكرد، بۆساڵی(١٠) ی كۆچی بڵاوی كردەوە بەناو موسوڵماناندا كە ئەمساڵ نیازی بەجێهێنانی حەجی هەیە، موسوڵمانان بەتامەزرۆییەوە خۆیان ئامادەكرد تالەخزمەت پێغەمبەر ﷺ حەج بكەن، لەهەر چوار لایەوە دەوریان دابوو تالەگەڵیدا بچن بۆحەج پاشان بەڕێكەوتن بەرەوە مەككە، جا لێرەدا ڕاجیایی لەنێوان ڕاوییەكاندا هەیە كە ئایا لەمەدینە إحرامی بۆحەج یان حەج و عومرە بەستوە، پاشان پێغەمبەر ﷺ لەلای ژوروەوە داخڵی مەككەبوو وە دەستی كرد بە ئەنجامدانی حەجكردنەكەی، وە چۆنیەتی حەج و عومرەی بۆ موسوڵمانان ڕوون كردەوە.

******

# پێغەمبەر ﷺ لەرۆژی عەرەفەدا وتارێکی گشتگیری لەناو ئاپورای موسوڵماناندا خوێندەوە ئەمە تەرجەمەی دەقی وتارەکەیەتی

((ئەی خەڵکینە: گوێ بگرن و قسەکانم ببیستن، من نازانم لەوانەیە دوای ئەمساڵ ئیتر من ئێوە نەبینمەوە لەم جێگەیەو ئیتر هەتا دونیا دونیایە یەکتر نەبینین، ئەی خەڵکینە: بزانن بێگومان خوێنتان و ماڵ و سامانتان لەیەکتر حەرامە، وەکو حورمەت و ڕێزی ئەم ڕۆژەتان لەم مانگەدا و لەم شارەتاندا، ئاگادار بن و بزانن هەموو دابونەریتێکی سەردەمی نەزانی پشت گوێ دەخرێ و خراوەتە ژێر قاچمەوە، شێوەی خوێن بەستنی سەردەمی نەزانی وەلاخراوەو کاری پێناکرێ، یەکەم خوێنێ کەوازی لێدەهێنرێ و بەدواداچونی بۆ ناکرێ خوێنی (کوڕی ڕەبیعەی کوڕی الحارث) ە، ڕیباو سووی سەردەمی جاهیلی پوچەڵ دەکرێتەوە، یەکەم ڕیبا و مامەڵەی سوو ئامێز (عباسی کوڕی عبدالمطلب) ە، کەهەمووی پوچەڵە.

ئەی خەڵکینە: دڵنیابن لەوەی شەیتان نائومێد بوە لەوەی: کە لەخاکی ئێوەدا بەگوێی بکرێت، بەڵام ئەگەر گوێڕایەڵی بکرێت لەغەیری ئەوەدا ئەوە ئەو ڕازی دەبێت بەوەی ئێوە کردەوەی خراپی خۆتان بەسوك و بێنرخ سەیرکەن، وریابن شەیتان کارتان تێنەکات، هەمیشە حەزەری لێبکەن.

**ئەی خەڵکینە:** جیٚ گۆڕکیٚ و دواخستنی مانگە شەڕ تێدا حەرام کراوەکان زێدە کوفر و تاوان زیاد کردنە، ئەوانەی کافر و بێباوەڕوان زیاتر پێی گومڕا دەبن، ساڵێك مانگەکە دەکەنە غەیری مانگی (أشهر الحرم) بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان، ئەوەی خودا بەحەرامی داناوە ئەوان بۆخۆیان حەلاڵی دەکەن و ئەوەی خودا بەحەلاڵی داناوە ئەوان حەرامی دەکەن، بێگومان چەرخی ڕۆژگار لەم ڕۆژەوە خودا ئاسمانەکان و زەوی دروستکردن، وەکو خۆی هەڵدەسوڕیٚ و گۆڕان و پاش و پێشی تێدا نیە، ساڵ (١٢) مانگەو (٤) یان (أشهر الحرم) ن لەو (٤) مانگە (٣) مانگیان بەشوێن یەکدادێن (ذوالقعدة، ذوالحجة، محرم) ئەوی تریشیان (رجب مضر) ە کەدەکەوێتە نێوان (جماد٢ و شعبان) ە وە.

لەخوا بترسن دەربارەی ئافرەت، ئێوە بەئەمانی خوا ئەوانتان وەرگرتوەو کردوتانن بەحەلاڵی خۆتان و داوێنیانتان ڕەوانکردووە.

ئێوە مافتان بەسەر ئەوانەوە هەیەو ئەوانیش مافیان بەسەر ئێوەوە هەیە، مافی ئێوە بەسەر ئەوانەوە ئەوەیە کەسێك نەهێننە سەر جێگاتان و ناو ماڵتان کەئێوە ڕقتان لێبێت، ئەگەر ئەوەیانکرد تەمێیان بکەن بەلێدانێك کە ئازاری جەستەیان نەبێت، مافی ئەوانیش بەسەر ئێوەوە ئەوەیە بەڕێکوپێکی بژێوو پۆشاك و شوێنی نیشتە جێبونیان بۆ دابین بکەن.

خەڵكینە لەقسەكانم تێبگەن ئەوە من پەیامی خۆمم گەیاند و ئەركی سەرشانم بەجێ هێنا، شتێكم لەناو ئێوە بەجێ هێشتووە ئەگەر دەستی پێوە بگرن و پابەندی بن گومڕانابن و سەرتان لێناشێوێ كەویش نامەی خودا(قورئان) و سوننەتی پێغەمبەرەكەیەتی ﷺ.

خەڵكینە: گوێ لەفەرمانی فەرمانڕەوا بگرن و گوێڕایەڵی بكەن با ئەو فەرمان ڕەوایە قولە ڕەشێكی حەبەشیش بێت، بەمەرجێك بەگوێرەی قورئان كاربكات.

ئاگاداری بەندەو كۆیلەكانتان بن، لەوخواردنەی خۆتان دەیخۆن بەشی ئەوانیش بدەن، لەو پۆشاكەی خۆتان لەبەری دەكەن پۆشاك بۆ ئەوان بكەن، ئەگەر تاوانێكی وایان دەكرد بۆتان هەزم نەكراو دڵتان بڕوای نەدا لێیان ببورن و بیان فرۆشن سزایان مەدەن(٥).

خەڵكینە گوێتان لەقسەی من بێ و تێیبگەن و بزانن: هەموو موسوڵمانێك برای موسوڵمانە، موسوڵمانان هەموویان بران، حەلاڵ نیە بۆ هیچ كەس شتێك لەبرای موسوڵمانی وەربگرێت ئەگەر بەڕەزامەندی و نەفس پاكی نەبێ و بۆخۆی لەناخەوە پێی خۆش نەبێت، ستەم لەخۆتان مەكەن، خودایە ئەرێ من پایامی خۆمم گەیاند؟

---

٥- ئەم دوو فەقەرەیە لە ریوایەتی (إبن سەعد) دا هاتوە.

خەڵكینە ئێوە لەوە بەدوا بەخودای خۆتان دەگەنەوە، لەدوای من گومڕا مەبنەوە، نەكەن دەست كەنەوە بەیەكتر كوشتن هەندێكتان هەندێكتان بكوژن، بائەوەی لێرەیە ئەم پەیامە بگەیەنێ بەوانەی ئامادەنین، پێدەچێ هەندێ لەوانەی پەیامی پێدەگات باشتر تێی بگات لەوكەسەی كەیەكەمجار دەیبیستێت، ئێوە پرسیارتان دەربارەی من لێدەكرێت چی دەڵێن؟

هەموو وتیان شایەتی دەدەین كەتۆ پەیامی خۆتت گەیاندوە، وە لەپێناو پەیامەكەت ئەزیەت و ناڕەحەتیت كێشاوە، ئەركی سەرشانی خۆت بەجێ هێناوەو ئامۆژگاری خۆت ئاڕاستەكردین، ئەمجار پێغەمبەر ﷺ پەنجەی شایەتومانی بەرزكردەوە بۆ ئاسمان و ئاماژەی بۆ ئەوان پێكردەوە (سێ) جار فەرمووی: (خودایە بەشایەت بە)[٦].

ئەمجار پێغەمبەر ﷺ لە (عەرەفات) مایەوە تا خۆر ئاوابوو، دوایی كەوتە ڕێ لەگەڵ شوێنكەوتوانیدا و هاتنە خوار بۆ (موزدەلیفە)، بەدەستی ڕاستی ئاماژەی دەكرد و بەخەڵكەكەی دەفەرموو: خەڵكینە لەسەرەخۆبن، لەسەرەخۆبن.

---

٦- دەقی ئەم وتارە لە صحیح مسلیم وەرگیراوە و هەندێكی لە صحیح البخاری تێكەڵ كراوە، وە هەندێك ناواخنی لە إبن إسحاق و إبن سعد بۆ هێنراوە.

لە (موزدەلیفە) نوێژی (مەغریب و عیشا) ی بە (جمع و تأخیر) کردن، ئەو شەوە لە (موزدەلیفە) مایەوە پاشان پێش خۆر هەڵهاتن بەرەو (مینا) بەڕیکەوت لە (جمرة العقبة) ڕەجمی شەیتانی کرد و (حەوت) بەردی هاویشت وە لەگەڵ هاویشتنی هەموو بەردێکدا (الله أكبر) ی دەکرد، ئەمجار چووە شوێنی قوربانی سەربڕین (٦٣) حوشتری بەدەستی خۆی سەربڕی، ئەمجار قەمەکەی دایە دەست (إمامی علی) ی ئامۆزای، ئەویش باقی قوربانیەکانی سەربڕی بۆ ئەوەی (١٠٠) تەواو بکات.

دواتر سواربوو بەڕێکەوت بۆلای (کەعبە) و (طواف الإضافة) ی بەجێهێنا، نوێژی نیوەڕۆی لە (مەککە) کرد، پاشان هاتە لای نەوەی (عبدالمطلب) لەسەر ئاوی (زمزم) خەریکی ئاو هەڵگۆزین بوون، فەرمووی: ئاو بۆ (بني عبدالمطلب) هەڵگوازن، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە خەڵك قەرەباڵغی دەکەنە سەر ئاو هەڵێنجانەکەتان ئاوم لەگەڵ هەڵگواستن، دۆڵچەیەك ئاویان دایە دەستی و خواردیەوە، دواتر گەڕایەوە بۆ مەدینە.

******

## نەخۆش کەوتنی پێغەمبەر ﷺ و ناردنی(ئوسامەی کوڕی زید) بەفەرماندەی مسوڵمانان

ئەوکاتەی پێغەمبەر ﷺ لەحەجی مال ئاوایی گەڕایەوە مەدینە هەستی بەئازار دەکرد، لەبەر ئەوە بۆ غەزای ڕۆم (ئوسامەی کوڕی زە یدی کوڕی حاریث) ی هەڵبژارد بە فەرماندەی سوپای موسوڵمانان کە ئەوکاتە(ئوسامە) تەمەنی(١٨–٢٠) ساڵ دەبوو، موسوڵمانان خۆیان ئامادە کرد بۆ ئەو غەزایە.

******

## پێغەمبەر ﷺ دەکەوێتە حاڵەتی گیانەلاوە

کە ئەوەش بڕیاری خوای پەروەردگارە {إِنَّكَ مَيِّتٌ وإِنَّهُمْ مَّيِّتُونَ} (الزمر: ٣٠).

ئەوەبو تەشریفی کەوتە بەرەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە (١٢) ی مانگی (ربيع الأول) ی ساڵی (١١) ی کۆچی لەژورەکەیەوە پەردەکەی لادا بینی (إمامی أبوبکر رضي الله عنه) پێش نوێژی دەکات بۆ خەڵکەکە لەنوێژی بەیانیدا ئەوەش تێڕوانینی ماڵ ئاوایی پێغەمبەر ﷺ بوو بۆ هاوەڵانی، پاشان پەردەکەی دادایەوەو چووەوە جێگەکەی خۆی و باری تەندروستیی

بەرەو (سكرات الموت) دەچوو، وە دەیفەرموو: (لا إله إلا الله، إن الموت لسكرات)[٧]، پاشان وەفاتی كرد، دواتر ئەم هەواڵە جەر گبڕە بەناو هاوەڵاندا بلاو بویەوە و نەیان دەزانی چۆن بڕوا بەخۆیان یهێنن كە ئەوە حەقیقەتە، پاشان (إمامی أبوبكر رضي الله عنه) ووتارێكی بۆدان و ئەم ئایەتەی سورەتی (آل عمران: ١٤٤) ی بیری هاوەڵانی خستەوەو بۆی خوێندنەوە.

بێگومان سیرە نوسان و زانایانی مێژوو لەسەر ئەوە كۆكن كە پێغەمبەر ﷺ (٦٣) ساڵ ژیاوە (٤٠) ساڵ پێش بوون بەپێغەمبەرێتی بوە وە (٢٣) ساڵ پێغەمبەرێتی كردووە كە (١٣) ساڵیان لە (مەككە) بووە وە (١٠) ساڵیان لە (مەدینە) بووە كە بانگەوازی كردووە بۆ یەكتا پەرستی و جیهاد لەپێناو گەیاندنی ئاینی ئیسلامدا.

وە بوخاری ڕیوایەتی كردوە كە پێغەمبەر ﷺ لەدوای خۆی هیچی لەدوا جێنەماوە لە سەروەت و سامان.

حیكمەتی خودا وا داخوازبوو: كە ئەو مەشهەد و دیمەنەی خودا حافیزی لە ئوممەت و هاوەڵانی دەكات دیمەنی نوێژ و صەفی جەماعەتی نوێژبێ.

٧- البخاري كتاب الرقاق (٧ | ٩٢).

ویستی خودا وابوو، ئەو دیمەنە عەهد و پەیمانی كۆتایی بێت.

كەوابوو ئەی برای موسوڵمان ئاگاداری ئەو عەهد و پەیمانەبەو لەیادت نەچێتەوە، وە هەمیشە ئاگاداری ئەو وەعد و پەیمانەبە: كە پێغەمبەر ﷺ لەسەری لە ئوممەتەكەی جیابوەوە و ڕازی بوو، لەخۆشیاندا زەردەخەنەی كرد.

## كۆتاییەك دەربارەی شوێن و چۆنیەتی نوێژ لەسەركردن و بەخاك سپاردنی پێغەمبەر ﷺ

پێغەمبەر ﷺ لە (سێ) پارچە قوماشدا كفن كرا كراس و مێزەری تێدا نەبوو، كەكفنەكەی تێوە پێچرا لەسەر تەختەیەك لەلای لێواری گۆڕەكەیەوە دانرا، ئەمجار موسوڵمانان كۆمەڵ كۆمەڵ دەچوون نوێژیان لەسەر دەكرد بێ ئەوەی كەس ئیمامەتیان بۆ بكات، یەكەم كەس كە نوێژی لەسەركرد (عەباسی مامی) بوو، ئەمجار بەنوو هاشم، پاشان كۆچكاران، دواتر یارمەتی دەران، ئەمجار خەڵكی تر.

دواتر كە مەراسیمی نوێژ لەسەركردنی تەواو بوو، هەر لەوشوێنەی كە وەفاتی تێدا كردبوو كە ژوری دایكمان (عائیشە **رچی الله عنها**) بوو، گۆڕی بۆ هەڵكەندرا و بەخاك سپێردرا.

پێغەمبەر ﷺ كە وەفاتی كرد (٩) ژنی لەدوا بەجێما ئەوانیش: (سودە، عائیشە، حفصە، أم حبیبە، أم سلمە، زینبی كچی جەحش، جووەیرییە، صفیە، میمونە) بوون خوا لەگشتیان ڕازی بێت، وە هەموو خیزانەكانی بێوەژن بوون بێجگە لە (عائیشەی كچی إمامی أبوبكر **رچی الله عنه**) كە كچ بوو هێنای.

**هەروەها** (ژمارەی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) ئەوانەی كە (نەبی) بوون ژمارەیان (١٢٤٠٠٠) پێغەمبەرە.

بەڵام ئەوانەی كە (ڕەسول) بوون ژمارەیان (٣١٥) پێغەمبەرە) [٨].

٨- صحیح ابن حبان.

# كۆتایی

لەكۆتاییدا ئەم باسە گەورەو پڕ خێرە لەمانگی (شعبان) ی ساڵی (١٤٣٨ك)دا واتە مانگی (٥) ی ساڵی (٢٠١٧) دەستم پێكرد وە دوای هەوڵ و ماندوبونێكی زۆر لەشەوی چوار شەممەلە (١٦- ذوالقعدة-١٤٣٨ك) واتەمانگی (٩|٨|٢٠١٧) الحمد لله بەكۆتا هات، كە ئەمەش منەتێكی تری خوای گەورە و میهرەبان بوو بەسەرم دا كە تەوفیقی دام ئەم ژیان نامەیەی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ بە كورتی و پوختی بنوسم كە لەڕاستیدا ئەم ژیان نامەیە زۆر دورو درێژ و گەورەترە لەوەی من نوسیومە، بۆیە داواكارم لەخوای باڵادەست و میهرەبان ئەم پارچە نوسینەمان بەعیبادەت لێوەربگرێت و بیكاتە مایەی سود و خێر بۆ هەموو لایەك، وە بەإخلاصەوە لێمانی قەبوڵ بكات و خەڵكێكی زۆر بیخوێننەوەو سودی لێ ببینن، وە داواكارم لە خوای گەورە ڕحمەت و بەرەكەتی خۆی بڕژێت بەسەر خۆشەویستمان ﷺ و هاوەڵانی.

خودایە ئەم ژیان نامەیە بكەرە جێی سوود بۆ موسوڵمانان و پاداشتی ئەوانەش بدەرەوە كە دەیخوێننەوە و بڵاوی دەكەنەوە، وە ئەوانەش كە هاوكار و یارمەتی دەرم بوون لە نوسینی ئەم كتێبەدا.

**خودایە ئەم بەرهەمە بكەرە توێشوی قیامەت و ڕوناككەرەوەی گۆڕی تاریكمان، آمین.....**

وآخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين وصلى الله وسلم وبارك على نبينا وحبيبنا و قرة أعيننا ونور أبصارنا وسيدنا محمد وعلى آله وصحبه ومن والاه.

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك و أتوب إليك.

آزاد **فائق پێنجوێنی**

**چوار شەممە**

**١٦|ذوالقعدە١٤٣٨ك**

**٩|٨|٢٠١٧ز**

**سلێمانی**

# ناوەرۆک



| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| ١- ناوو رەچەڵەك و ساڵ و رۆژی لەدایك بوونی پێغەمبەرمانﷺ | ٦ |
| ٢- ناوی خێزانەکانی | ٧ |
| ٣- ناوی منداڵەکانی | ٨ |
| ٤- دەست بە ئیشکردنی | ١٢ |
| ٥- سەرەتای دابەزینی وەحی | ١٣ |
| ٦- لەرۆژی بوون بە پێغەمبەرییەوە تا کۆچکردنی بۆ مەدینە<br>قۆناغەکانی بانگەوازی ئیسلامی لەژیانی پێغەمبەر ﷺ دا | ١٥ |
| ٧- ئازاردان و عەزییەت دانی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی | ١٦ |
| ٨- یەکەم کۆچ لە ئیسلام دا | ١٨ |
| ٩- یەکەم وەفد هاتە لای پێغەمبەر ﷺ | ٢٠ |
| ١٠- ساڵی خەم و پەژارە | ٢٠ |
| ١١- کۆچ کردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ طائف | ٢١ |

| | |
|---|---|
| ١٢- ئیسراو میعراج | ٢٤ |
| ١٣- پەیوەندیکردنی پێغەمبەر ﷺ بە هۆزەکانەوە بۆ باوەڕ هێنان بە دینی ئیسلام | ٢٦ |
| ١٤- قۆناغی شەڕی بەرگری | ٢٩ |
| ١٥- جەنگی ئوحود | ٢٩ |
| ١٦- ڕووداوی بیری مەعونە | ٣٠ |
| ١٧- جەنگی ذات الريقاع | ٣١ |
| ١٨- جەنگی بني المصطلق | ٣١ |
| ١٩- هەواڵی بوختان بۆ خاتو عائیشە (رضي الله عنها) | ٣٢ |
| ٢٠- جەنگی خەندەق (ئەحزاب) | ٣٣ |
| ٢١- جەنگی بەنو قوڕەیظە | ٣٤ |
| ٢٢- فەتحی مەککە<br>صوڵحی حودەیبیە | ٣٥ |
| ٢٣- جەنگی خەیبەر | ٣٥ |
| ٢٤- نامە ناردن بۆ مەلیك و پاشاکانی ئەو ڕۆژگارە | ٣٦ |
| ٢٥- جەنگی موئتە | ٣٧ |
| ٢٦- ڕزگارکردنی مەککە | ٣٨ |
| ٢٧- جەنگی حونەین | ٤٠ |
| ٢٨- جەنگی تەبوك | ٤٠ |

| | |
|---|---|
| ٢٩- وەفد و نێردراوەكانی پێغەمبەر ﷺ بۆلای خەڵك بۆ ئەوەی فێری بنەماكانی ئیسلام بن | ٤١ |
| ٣٠- حەجی ماڵ ئاوایی و ووتارە بەناوبانگەكەی پێغەمبەر ﷺ | ٤٢ |
| ٣١- پێغەمبەر ﷺ لەڕۆژی عەرەفەدا وتارێكی گشتگیری لەناو ئاپوڕای موسوڵماناندا خوێندەوە ئەمە تەرجەمەی دەقی وتارەكەیەتی | ٤٣ |
| ٣٢- نەخۆش كەوتنی پێغەمبەرﷺ و ناردنی(ئوسامەی كوڕی زید) بەفەرماندەی موسوڵمانان | ٤٩ |
| ٣٣- پێغەمبەر ﷺ دەكەوێتە حاڵەتی گیانەلاوە | ٤٩ |
| ٣٤- كۆتاییەك دەربارەی شوێن و چۆنیەتی نوێژ لەسەركردن و بەخاك سپاردنی پێغەمبەر ﷺ | ٥٢ |
| ٣٥- كۆتایی | ٥٤ |
| ٣٦-ناوەڕۆك | ٥٦ |
| ٣٧-سەرچاوەكان | ٦٠ |

# سەرچاوەكان

١- **قورئانی پیرۆز .**

٢- **فیقهی سیرەی پێغەمبەر ﷺ (محمد سعید** رمضان البوطي).

٣- **ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەقورئان و فەرمودەكاندا، (محمد ملا فائق سعید).**

٤- **فیقهی سیرەی پێغەمبەر ﷺ (وەرگێڕانی مەلا محمودی گەلاڵەیی).**

٥- **السیره النبویه** (تغريدات الشيخ موسى بن راشد العازمي).